سکوید گەیم لەوەرزی دووەمیدا ریکۆردێکی مێژوویی تۆمارکرد



وەرزی دووەمی زنجیرەی "Game Squid" بەگشتی گەیشتە 152.5 ملیۆن بینەر، بەمەش بوو بە سێیەم زنجیرەی تەلەفزیۆنی کە زۆرترین بینەری هەبێت لە تۆڕی نێتفلێکس، لەپاش وەرزی یەکەمی زنجیرەکە و زنجیرەی Wednesday.

لە یەکەم نمایشی لە 26ی کانوون دووەم ساڵ پار، وەرزی دووەمی "Game Squid" لە ماوەی چوار هەفتەدا 68 ملیۆن بینەری هەبوو و بوو بە یەکەم زنجیرە لە مێژووی نێتفلێکس بەم ماوە کەمە ئەو هەموو بینەرەی هەبێت.

لە ماوەی 11 هەفتەدا، زنجیرەکە 126.2 ملیۆن بینەری بەدەستهێنا، کە زیاترە لە هەر زنجیرەیەکی نێتفلێکس، ئەمەش وادەکات ببێت بەیەکێک لەباشترین زنجیرەکان لە مێژووی نێتفلێکس و ببێتە خاوەنی چەندین ریکۆرد و خاڵات.